# مردنی فەلسەفە: دەربارەی بۆچوونەکەی ستیڤن هاوکینگ

ئەحمەد غەریب
(ئەڵمانیا)

لە سەرەتای کتێبی دیزاینی مەزندا، هاوکینگ مەرگی فەلسەفە ڕادەگەیەنێت، بۆ ئەم ڕاگەیاندنەی هیچ بەڵگەکارییەکی ئەوتۆ ناکات، وەها دەردەکەوێت ڕێژەی دڵنیایی لە بۆچوونەکەی لە ئاستێکدا بێت کە پێویست بە بەڵگە و لێکۆڵینەوە نەکات، بۆیە هەروا بە سانایی دەنووسێت؛ فەلسەفە مردووە، پێی وایە چیتر فەلسەفە ناتوانێت وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی سەبارەت بە بوون و جیهان بداتەوە. با لێرەدا دەقی وتەکەی هاوکینگ بخەینەوە بەرچاو: "ئێمە چۆن دەتوانین لەم جیهانە تێبگەین کە خۆمانی تێدا دەبینینەوە؟ گەردوون چۆن هەڵسوکەوت دەکات؟ واقیع چ سروشتێکی هەیە؟ هەموو ئەمانە لە کوێوە هاتوون؟ ئایا گەردوون پێویستی بە ئافرێنەر هەبوو؟ وا باوە ئەم پرسیارانە بۆ فەلسەفە بن، بەڵام فەلسەفە مردووە. فەلسەفە گەشەی بە خۆی نەداوە لەگەڵ پێشکەوتنە مۆدێرنەکانی زانست، بە تایبەت فیزیک."(١)

بەم کورتی و سانایییە ڕاگەیاندنەکەی دەکات، هاوکینگ هیچ بەڵگەیەک ناهێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئایا ڕاستە فەلسەفە هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە نییە؟ تەنانەت گریمان فەلسەفە توانایی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی نییە، ئایا ئەمە دەبێتە بەڵگە بۆ مردنی فەلسەفە؟ ئایا سروشتی فەلسەفە پەیوەستە بە یەک بابەتی لێکۆڵینەوە و ئەگەر نەیتوانی وەڵامی بۆ ئەو بابەتە هەبێت، ئیدی مردووە؟ ئایا کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ خاڵین لەوەی ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی؟ ئایا فەلسەفە چیتر هیچ خزمەتێک بە ژیانی مرۆڤ ناکات؟ ئەم پرسیارانە و چەندانی دیکە دەکرێت ڕووبەڕووی هاوکینگ بکرێنەوە.



**ستیڤن هاوکینگ**

لێکەوتنەوەی ئەو پرسیارانە، دەبنە پێشەکییەک بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین وتەکەی هاوکینگ نەسەلمێنراوە و هێشتا تەواو نەبووە. ئەگەرچی ڕاگەیاندنەکەی هاوکینگ هێشتا کۆمەڵێک پرسیار هەڵدەگرێت و جێی گومانە، کەچی لە لایەن زۆرێک وەک بۆچوونێکی دروست و بەڵگە نەویست پەسەندکراوە، بە تایبەتی لە لایەن ئەوانەی کە دۆست و ئاشنای فەلسەفە نین. لێرەدا پێویستە لە بری ئەوەی داکۆکی لە فەلسەفە بکەین، دەبێت لەسەر ئەم خاڵە ڕابوەستین و بیربکەینەوە؛ بۆچی وتەیەکی بێ بەڵگە و تەواو نەکراو، وەک زانینێکی دروست و بەڵگە نەویست پەسەند دەکرێت؟ ئەم پرسیارە کاردانەوەیەکی شیاوتر و گرنگترە لەوەی داکۆکی لە فەلسەفە بکەین، چونکە کە داکۆکیمان کرد، واتە ئێمەش وتەکەمان وەک سەلمێنراوێک قبووڵ کردووە و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدەین، لە کاتێکدا دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە وتەکەی هاوکینگ لەخۆیدا تەواو نەکراوە و نەسەلمێنراوە، هەر ئەمەندە تێ بگەین کە وتەکە بێ بەڵگەیە، ئیتر بەسە بۆ ئەوەی وەک ڕاستی قبووڵی نەکەین. لێرەدا ڕاگەیاندنەکەی هاوکینگ وەک ڕاستییەکی سەلمێنراو ڕەت دەبێتەوە، سنووری کارابوونی وەک ڕاستییەک کۆتایی دێت، بەڵام ئەوەی کۆتایی نایەت شەپۆلی پەسەندکردنی وتە نەسەلمێنراوەکەی هاوکینگە وەک ڕاستییەکی بەڵگە نەویست لە لایەن خەڵکانێکی زۆرەوە.

با بیربکەینەوە، بۆچی چیتر خەڵک پرسیار لە زانینە زانستییەکان ناکەن؟ بۆچی گومان ناکەین لەوەی کە زانستە ئەزموونییەکان پێمان دەڵێن؟ بۆچی بە بێ ئەوەی لە تاقیگەدا خۆمان زانینە زانستییەکان تاقی بکەینەوە وەک ڕاستی پەسەندیان دەکەین؟ ئەم متمانەیە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

گومانی تێدا نییە پێشکەوتن و داهێنانەکانی زانستە ئەزموونییەکان خزمەتی مەزن و بەسوودیان بۆ مرۆڤایەتی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤیان فێری ئەوە کردووە زیاتر وەک بەکارهێنەر بژین، چونکە سروشتی داهێنانی زانستی بۆ زۆرینەی خەڵک بە جۆرێکە کە بەبێ هەبوونی هیچ زانستێک دەتوانن لێیان سوودمەند بن و بەکاریان بهێنن، بۆ نموونە بۆ ئەوەی ببمە بەکارهێنەری داهێنانێکی وەک تۆڕی ئینتەرنێت، لەسەرم پێویست نییە لە زانستی بەرهەمەکە ئاگاداربم، بەڵکو تەنیا بەکارهێنەرم و کلیک دەکەم، یان بۆ ئەوەی بزانم ئاو چۆن دروست بووە، پێویست ناکات تاقیکردنەوەی لەسەر بکەم، بەڵکو یەکسەر دەزانم لە دوو هایدرۆجین و ئۆکسجینێک پێکهاتووە، ئەم زانینە خۆم تاقیم نەکردووەتەوە، بەڵکو بە ئامادەکراوی لە لایەن زانستێکی ئەزموونییەوە پێم بەخشراوە. بەم جۆرە زانستی ئەزموونی مرۆڤ لەسەر وەڵامی ئامادە و بەرهەمهێنراو ڕادەهێنێت، وای لێ دەکات پێویستی بە پرسیار و بەدوادا گەڕان نەمێنێت، بەڵکو هەموو شتێک بە ئامادەکراوی دەخاتە بەردەستی.

هایدگەر بەم دۆخە دەڵێت: ژیان لە دۆخی نائەسەنیدا کە تێیدا چیتر مرۆڤەکان بیر ناکەنەوە، پرسیار و گومان ناکەن، لە بری ئەوە پشت بە ئەو زانیارییانە دەبەستن کە لە لایەن ئەوانی دیکەوە بۆیان ئامادە کراوە، دەبنە مرۆڤێک کە خاوەنی بوونی ڕەسەنی خۆیان نین، بەڵکو بوونێکی داگیرکراویان هەیە، ئەوانی دیکە هەڵبژاردنیان بۆ دەکەن و بڕیار لەسەر چۆنیەتی ژیانیان دەدەن و ڕاست و ناڕاستیان بۆ دیاری دەکەن، بە جۆرێک کە هەمووان وەک یەکیان لێ دێت و لە جیهانێکی ئامادەکراودا وەک بەکارهێنەرێکی بیرنەکەرەوە دەژین، متمانە و دەسەڵات دەبەخشنە ئەوانی دیکە و دەبنە سەرچاوەی زانین بۆیان، بە پێویستی نازانن خۆیان بیر بکەنەوە، بەڵکو ئەم ئەرکە بۆ ئەوانی دیکە بەجێ دەهێڵن.(٢)

ئەم پارادۆکسەی لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستە

ئەزموونییەکان دەکەوێتەوە، دەبێتە یەکێک لەو کەلێنانەی کە زەرووورەتی بوونی فەلسەفە وەک زەنگێکی بە ئاگا هێنەرەوە دەسەپێنێت، دەشێ لەم ئەنجامە ئەوە بڵێین کە ڕەنگە زانست بە بێ فەلسەفە ببێتە بەرهەمێکی بێ هۆشکەری مەترسیدار کە مرۆڤ لە بوونەوەرێکی بیرکەرەوە و هۆشیارەوە بۆ بوونەوەرێکی ئامێر ئاسا بگۆڕێت.

ئێمە بە هاوکاری فەلسەفە دەتوانین لەوە تێبگەین کە "زانینی دڵنیایی" نابێت ببێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی بەهای زانست و فەلسەفە. هەمیشە وا باوە کە زانستە ئەزموونییەکان بە بەهاتر بزانین لە فەلسەفە، لەبەر ئەوەی ئەو زانینەی کە زانستی ئەزموونی بەرهەمی دەهێنێت، زانینێکی دڵنیاییە و جێی گومان نییە، بەڵام زانینەکانی فەلسەفە جێی دڵنیایی نین، بەڵکو گومان و پرسیار دروست دەکەن، بۆیە پێمان وایە ئەوەی فەلسەفە بەرهەمی دەهێنێت بێ بەهایە، لە کاتێکدا ئێمە بێ ئاگاین لەوەی کە ئەگەر مرۆڤ لە پرسیار و بەدواداچوون بکەوێت، ئەوە لە ڕەسەنایەتی کەوتووە، پرسیار نەکردن، واتای پووکانەوەی بیرکردنەوە و لە دەستدانی سەربەخۆبوونە لە بڕیار و دیاریکردنی چۆنیەتییەکانی ژیان. مرۆڤ بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی ڕەسەن و خاوەن ئیرادە بمێنێتەوە دەبێت پرسیار بکات، بیر بکاتەوە، گومان لەو زانینانە بکات کە وەک زانینی دڵنیایی خۆیان نمایش دەکەن. بێرتراند ڕاسڵ لە باسکردنی بەهای فەلسەفەدا یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی پەی بەم خاڵە بردووە، بۆچوونی وایە کە دەشێ بەهای فەلسەفە لەوەدا بێت کە زانینی گوماناوی و نادڵنیایی بەرهەم بهێنێت، بۆ ئەوەی ئەو ئارەزووە بزێوەی لە مرۆڤدا هەیە بۆ زانین و بەدواداچوون لەناو نەچێت. (٣)

زانستی ئەزموونی بەبێ فەلسەفە، مرۆڤی ئامێریی بەرهەم دەهێنێت، مرۆڤێک کە لەوە تێ دەگات بۆ ژیان پێویستی بەوە هەیە کە خۆراک و پێویستییە ماددییەکانی بۆ دابین بکرێت، بەڵام بێ ئاگایە لە زەرووورەتی دابینکردنی خۆراک بۆ عەقڵ، فەلسەفە لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە عەقڵ بەشێکی گرنگی مرۆڤە، بۆ ئەوەی لە گەشەکردن نەوەستێت، پێویستە خۆراکی بۆ دابین بکەین، خۆراکی عەقڵیش پرسیار و گومان و بەدواداچوونە. ڕاسڵ لە خستنەڕووی بەهای فەلسەفەدا وردتر دەبێتەوە و دەنووسێت: " ئەگەر هەموو مرۆڤەکان لە باشیدا بن، ئەگەر هەژاری و نەخۆشی تا ئەوپەڕی ڕادەی لە توانایییدابوو کەم بکرێنەوە، هێشتا زۆر کار دەمێنێت بکرێت بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی شایستە و خاوەن بەها، تەنانەت لە جیهانی ئێستاماندا پێویستییەکانی عەقڵ لانی کەم وەک پێویستییەکانی لەش گرنگن. تەنیا لە ڕێگەی پێویستییەکانی عەقڵەوە دەتوانین بەهای فەلسەفە بدۆزینەوە؛ هەروەها تەنیا ئەوانەی کە نامۆ نین بەو پێویستییانە، دەتوانن لەوە تێ بگەن کە خوێندنی فەلسەفە کات بە فیڕۆدان نییە. فەلسەفە، وەک هەموو لێکۆڵینەوەکانی دیکە، بە پلەی یەکەم ئامانجی زانینە. ئەو زانینەی کە فەلسەفە بە ئامانجی دەگرێت، ئەو جۆرە زانینەیە کە یەکێتی و سیستەم بە هەیکەلی زانست دەبەخشێت، زانینێکە کە لە دەرئەنجامی تاووتوکردنی ڕەخنەیی ئەو بنەمایانەن کە ئێمە وەک داوەریکردن و بڕیاری پێش وەختە و باوەڕپێکراو وەرمان گرتوون." (٤)

لەم ڕوانگەیەوە ڕاگەیاندنەکەی هاوکینگ دەبێتە کارێکی ناژیرانە، هاوکینگ بە تەواوی بێ ئاگایە لە بایەخ و زەرووورەتی فەلسەفە بۆ ژیانی مرۆڤ، بێ ئاگایە لەوەی مردنی فەلسەفە واتای مردنی پرسیار و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، کوشتنی بزاوتی گومان و بیرکردنەوە پووکاندنەوەی مرۆڤە وەک بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵی بیرکەرەوە. هاوکینگ ئەوەی لە بیر چووە کە بەهای فەلسەفە تەنیا لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە وەڵامێکی دڵنیایی بۆ بابەتە گەردوونییەکان بخاتە بەردەست، بەڵکو دەشێ یەکێک لە بەهاکانی فەلسەفە ئەوە بێت کە بەردەوام پرسیار و بەدواداچوون دەکات و ناهێڵێت هزری ڕەخنەگرانە لەناو بچێت.

بۆ زیاتر دەرخستنی هەڵەی ڕاگەیاندنەکەی هاوکینگ، دەکرێت ڕاگەیاندنەکەی هاوکینگ بە هاوشێوەی ڕاگەیاندنەکەی ئیمامی غەزالی (١٠٥٨ - ١١١١ز) بچوێنین کاتێک مەرگی فەلسەفەی ڕاگەیاند، لە تێگەیشتنی غەزالی دا فەلسەفە بابەتێکە لەگەڵ حەقیقەتە ئاسمانییەکانی ئایینی ئیسلام ناکۆکە، بەتایبەت بابەتە میتافیزیکییەکان، بۆیە پێی وابوو فەلسەفە زیانی بۆ ئیمانداره موسڵمانەکان هەیە و تووشی گومڕاییان دەکات و بەلاڕێیاندا دەبات، تەنانەت

فەیلەسووفەکانی جیهانی ئیسلامی بە بێ باوەڕ لە قەڵەم دا(٥). بەهۆی کاریگەری ڕاگەیاندنەکەی غەزالی-یەوە، دواتر فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامیدا حەرام کرا و بووە بابەتێکی نەخوازراو، ئەنجامەکەشی بووە هۆی نەمانی گەشەی زانست و فەلسەفە لەو ناوچانە، ئەگەر لە مێژوو بڕوانین، دەبینین پێش ڕاگەیاندنەکەی غەزالی، چەندان فەیلەسووف و بیرمەند لە کایەدا بوون، هەروەها چەندان خوێندنگای زانستی و فەلسەفی لە ئارادابوون، بەڵام لە دوای نەرێ کردنی فەلسەفەوە، ئەو جیهانەی کە زانست و فەلسەفەی تێدا لە ئاستێکی بەرزدا بوو، دەبێتە یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی جیهان کە چیتر زانست و فەلسەفە تێیدا سەری هەڵنەدایەوە(٦). ئەمە نموونەیەکە بۆ ئەنجامی لەناوبردنی فەلسەفە کە پێویست دەکات جیهان وانەی لێ وەربگرێت. لە جێگای خۆیدایە کە بۆچوونەکەی هاوکینگ بە مەترسی بزانین، چونکە هەوڵی سڕینەوەی فەلسەفە، لە ئەنجامدا مەترسییە بۆ لەناو بردنی گەشەکردنی ئارەزووی زانین و بیرکردنەوە لە جیهاندا.

**پەراوێز:**

**1- Stephen Hawking and Leonard Mlodinow, The Grand Design, 2010, P. 1.**
**2- Martin Heidegger, Being and Time, trans. Macquarrie & Robinson, Blackwell, 1962.**
**هەروەها بڕوانە: محەمەد کەمال، هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٧.**
**3- Bertrand Russell, The Problems of Philosophy, Chapter VX The Value of Philosophy.**
**٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
**5- Al-Ghazali, Incoherence of the philosophers, trans. Sabih Kamali, 1963.**
**6- Neil Degrasse Tyson, a Presentation on Intelligent Design, on November 5, 2006, at the Salk Institute for Biological Studies as part of the “Beyond Belief” lecture series.**

**سەرچاوە:**


**1- Stephen Hawking and Leonard Mlodinow, The Grand Design, Bantam Books, 2010.**
**2- Martin Heidegger, Being and Time, trans. Macquarrie & Robinson, Blackwell, 1962.**
**3- Bertrand Russell, The Problems of Philosophy, Oxford University, 1997. (First Published 1912).**
**4- Neil Degrasse Tyson, a Presentation on Intelligent Design, on November 5, 2006, at the Salk Institute for Biological Studies as part of the ?Beyond Belief? lecture series. (Available on Youtube.com).**
**5- Al-Ghazali, Incoherence of the philosophers, trans. Sabih Kamali, Pakistan Philosophical Congress, 1963.**
**٦- محەمەد کەمال، هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٧.**